# ئێمەو ڕاسستەکانو
# ڕووبەروبوونەوەیەکی مسۆگەر

ئاسۆ شابان
a_shaban1@hotmail.com

بۆ چوونێك ، كە جۆرێك لە ڕەخنە گرتن لە ئیسلام ڕاسیزم دێنێتە گۆڕێ جێگەی ڕەزامەندی نیە ، ئەو گرووپە کۆچکردوو هەڵاتوانەی لەو وولآتانەوە هاتوون کە ئیسلام وەك کلتوور تیایاندا زاڵە و ئێستا لە هۆڵەندا دەژین ، وەك تورکو مەغریبیو ئێرانیو عێراقیو .....هتد ، ڕۆژانە ڕووبەروی بەرگری ڕاسیزم دەبنەوە ، کار زۆر بەگران پەیدا دەکەن ، لەهۆڵەکانی سەما نایانکەنە ژووڕێ ، لەلایەن پۆلیسەوە بە شێوەیەکی توند مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ ، پاشان لە ڕێگەی میدیاوە بەشێوەیەکی ناشرین و نێگەتیف هەمیشە سەبارەت بەوان قسەوباس دەکرێت ، بەتایبەت لەبەرامبەر گەنجە مەغریبیەکاندا ڕاسیزم تەواو ئاشکرا خۆی دەنوێنێ ، ڕاسیزم بۆ ئەوان بۆتە بوونێکی ڕۆژانە . ئەوان ئێستا بۆ نەریتێك دەگەرێن کە بوونی ئەوان لە نێو کۆمەڵگەدا بەرێتە پێشەوە لەبەرامبەر کۆمەڵگەیەکدا کە ئەوانی لە دەرەوەی خۆیدا گرێداوە،زۆرینەی ئەوان وابەستەی کلتوورێك کراون کە وەك نەریتو فەرهەنگ بەسەریاندا دابراوە ، کە ئەویش ئیسلامە ، ئێمە دەبێت ئەمە وەك خاڵێك وەرگرین بۆ هوشیار بوونەوە لە مەترسی ڕاسیزم . کێ دەیەوێت لە دژی ڕاسیزم خەبات بکات ، ناوەرۆکی ئەم باسە لە چی پێکهاتووە ، چاکتر وایە لەوێوە ، واتە لە کارەساتی تەنها یەك هێرشەوە دەست پێنەکەین ، باقسەمان لەسەر ڕاسیستێك بێت کە دەیەوێ کۆچکردووەکان و هەڵاتووەکان لە دەرەوەی ژیانی سروشتی خۆیان ڕاگرن ، ئەمرۆ هێرش تەواو لەسەر ئیسلام ڕێکخراوە، کە لێرەوە زەمینەی ناوەرۆکێك بۆ ڕێکخستنی ڕاسیستەکان هاتۆتە گۆڕێ ، ڕاسیستەکان پێش ئەم هێرشانە وەك پێویست لە کاردا نەبوون ، بەڵام ئەمرۆکە دروو‌شمەکانیان بە ئاشکرا بەسەر دیواری قووتابخانەو شوێنی سەماکانەوە دەبینین ، جێ دەستیان بە هێرشەکانەوە دیارە ، قوتابیانی قوتابخانەکان بەئاشکرا جلوبەرگی ئەوان دەپۆشنو قسەی ئەوان دەپەیڤن،ملوانکەکانی ملیان درووشمی ڕاسیستەکانە ، کەواتە ڕاسیزم بۆتە بوونێکی زیندوو . قسە هاتۆتە سەر کلتووری باڵاو کلتووری نزم ، ئەمەش وەك ئەوە وایە ڕەوتی کۆمەڵگە لە ژێر دوو دار شەقی نایەکساندا بێت ، ئەمەش بە دڵنیاییەوە کۆمەڵگە بە شەلی دەباتە ڕێوە ، ڕەنگە لە ساتەوەختێکیشدا توانای ئەو ڕەوتەشی نەبێت ، کەواتە ئەمە ئەوپەری گەوجێتیو بیر تەسکیە . ئەمرۆکە قسەیەك لای ڕاسیستەکان جێگەی باسە : کلتووری ئێمە باڵایە ! پرسی ئێمەش ئەوەیە کامە کلتوور !؟ ، کۆچکردووەکانو هەڵاتووەکان قووربانی جەنگە ئیمپریالیستیەکانن جەنگی دەسەڵات ، ئابووری ، نەخۆشی، برسێتیو پشتیوانی ڕژێمە چەوسێنەرەکان بۆدابینکردنی بازار ..هتد ، لێرەدا تەنها یەك لێکدانەوە هەیە ، خۆکۆکردنەوە بۆ دەسەڵات بەسەر بێگانەدا کام چەك زووتر ئەم دەسەڵاتە دێنێتە مەیدان ، بەکار دەبرێت ، باشترین چەکی ئەمرۆش شەرە دژی ئیسلام ، گەرانەوەیە بۆ باسەکەی یەکەمان ، قسەو باسو ووتو وێژێك کە لەسەر ئیسلامە بەدەر لەهەر قسەیەکی سەرزارەکی ، بەرجەستەبونێکی نارێكو پێکە ، هەروەك چۆن بەهەمان شێوەش دژ بە چەپەکانیش ، پرسیار لێرەدا لەبەرامبەر چەپەکاندایە ، بۆ ماوەیەکی زۆرە وەك پێویست لە بەرامبەر ڕاسیستەکاندا لە مەیداندانین ، واتە بزووتنەوەیەکی هاوبەشی جیهانی دژە ڕاسیزم ، هەروەك چۆن پەیوەست بوون بە بەرەی دژی شەرەوە ئەمرۆکە گرنگی مێژووی خۆی

هەیە ، بەرەی دژی ڕاسیستیش لەو کەمتر نیە . ئێمە لێرەدا پێویستە هەڵوێستی خۆمان ڕێکخەین ، واتە کارکردن بۆ خۆرێکخستن لەم بەرەیەدا ، تەنها ڕەخنە گرتن کارەکان ئاسان ناکات ، بە پێچەوانەوە گەر چەپەکان نەتوانن ئەم بزووتنەوەیە بەرەو پێشەوە بەرن ئەوا پاشەرۆژ دژواردەبێت ، هەروەك چۆن خۆرێك نەخستنی چەپەکانی ئێران لەبەرامبەر هاتنە دەسەڵاتی خومەینی کەم تەرخەمو بێ ڕەخنە نیە ، پاشان کارەساتی لێکەوتەوە ، کەواتە هوشیار بوونەوەی چەپەکان بۆ کاری هاوبەشو بەتایبەتی لە بەرەی دژی شەڕو ڕاسیزمدا ، داوای ڕێکخراوبوونێکی سەرتاسەریمان لێدەکات لە بەرەیەکی یەکگرتوودا ، واتە پێویستی ئەمرۆی ئێمە برەودانە بەم بەرەیە ، کە خۆی لە خۆیدا ڕاوەستانەوەیە دژ بە سیاسەتی ئیمپریالیستی جیهانی .

پێم باشە لێرەدا دەروازەیەك لەسەر ڕاسیستەکانی هۆڵەندا بخەمە سەر پشت ، چاکتر وایە لە ڕابەری پارتی ڕاسترەوەوە ( michiel smit ) *دەست پێبکەم ، میشێل سمیت لە فەبریوەری (2003) لە (Leefbaar Rotterdam Fractie )* هاتەدەرێ ، میشێل هەر لەسەر هەڵوێستی ڕاسیستانەی خۆی بەردەوام بوو ، توانی ئەوانەی کە هەواداری خۆین کۆیان بکاتەوە ، پاشان توانی لەگەڵ ( vlaams blok )*وپارتی تازەی نەتەوەیی( NNP )*پێکەوە کاربکەن,لە (04/9/26) کاتێك ( Vlaams Blok ) ڕێبەری ( filip de winter )*بۆ سەردان هاتە ڕۆتەردام* و لە لایەن (smit)*ەوە پێشوازیەکی گەرمی لێکرا ، ( smit ) بە شێوەیەکی فراوان کەوتۆتە چالاکی تازە نازیستەکان ( nazistische_neo ) *و لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەشێکی بۆ ئەم چالاکیە تەرخان کردوە بە ناوی گەردەلولی بەرەی هۆڵەنداو فلاندرن* ، لەم بەشەدا ئەم نوسراوە بەر چاو کەوتوە ( لە هەر شوێنێك ئێمە هەین ، پەڕە ڕەنگاو ڕەنگەکانی کۆمەڵگە دەبێت جیاواز بن ) ، ( خاچی شکاوە ، وێنەی هتلەر ، دژایەتی یەهود ) ، ئەمانەت بەرچاو دەکەون ، سەرنجی بەشداربوانیش بۆ (ژووری گاز ) رادەکێشن ، لەم چەند مانگەی دوواییدا ڕاست ڕەوەکان تەواو چالاکن ، خۆپیشاندان دەکەن رۆژنامەو بڵاوکراوەیان ڕێکخستوەو ، بانگەوازی جەماوەر دەکەن بۆ بەشدار بوون لە هەڵبژاردنی ساڵی ( 2006 ) دا ، بابزانین ڕابەری ئەم ڕاسیستانە چی دەڵێت :

! لێرەدا شتێك هەیە کە زۆر خراپترە لە رەشێك* ، ئەویش سپیەکی رەش باوە* .

!! لە هۆڵەندا زمانی هۆڵەندی سەرەکیەو دوەمیش فریسە* ، بۆیە دەبێت مەلای مزگەوتەکان لەم دوو زمانە زیاتر بە هیچ زمانێکی تر نەدوێن ، چونکە بەکارهێنانی زمانی سێهەم واتە لێدانی کلتوورو خوێندنو سیاسەتی ئێمە لە هۆڵەنداو بەلجیکا ( فلاندرن )* .

!!! ئەوانەی موسڵمانن بۆ نموونە تورکو مەغریبی کە بەداخەوە هاتوون لە لای ئێمە بژین ، دەبێت هەر ناسنامەی خۆیان هەبێت ، نابێت ناسنامەی هۆڵەندی وەرگرن ، ئێمە هیوادارین کە ئەم یاسایە لە هۆڵەندا زیاتر قورستر بکرێت*،ئێمە بۆ ئەوە، خەبات دەکەین کە هیچ موسڵمانێك ناسنامەی هۆڵەندی وەرنەگرێت .

!!!! ئیمە بەرەو پێش دەچین ، ئێمەی سپی ، درووشمان دەسەڵاتە بۆ سپیەکان ، لەگەڵ ئاڕمی ئێمەدا هەمیشە ئەم ڕستەیە دەبیستی ( هێز بۆ سپیەکانە ) . بە پێی ئەم چەند خاڵەی سەرەوە مەترسی لە برەوی ئەم بزووتنەوەیەدا هەیە ، کەواتە خۆ ڕێکخستنمان لە دژی فاشیستەکانو ڕاسیستەکان کاری ئەمرۆمانە .

بەرەی ( afa )* واتە بزووتنەوەی دژە فاشیزم لەگەڵ ( is )* ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست ، پێکەوە لە کاری هاوبەشدان لەبەرامبەر پارتە ڕاسترەوەکاندا ، زۆر ووریایانە ئاگایان لە پێشکەوتنی ڕاسیستەکانەو ئەو فاکتەرانەی نەشونما دەدات بە برەوی ئەوان لە ژیانی رۆژانەی خەڵکیدا ، پێ داگرتنی ئەمان بۆ هاتنە مەیدان دژی ڕاسیزم و داواکاریان بۆ پەیوەست بوون بەم

بەرەیەوە جێگەی قسەو باسو مشتومڕی زۆر لە لایەنە چەپەکانو خەڵکی ئازادی خوازی هۆڵەندایە ، بەردەوام سیمینارو کۆبوونەوەی بۆ ساز دەکرێت ، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم خۆکۆکردنەوەیە نیگەرانی لای دەوڵەت و لیبراڵەکان بە تایبەتی پەیدا کردوە ، با بە ووردی سەرنجی ئەم رووداوە بدەین ، لە بەرواری ( 04/6/5 ) رێکەوتی رۆژی شەمە لە دێن هاخ* خۆپیشاندانێکی گەورە لەلایەن ( AFA ) و ( IS ) دژ بە خۆپیشاندانێکی ڕاسیستەکان سازکرا ، بە دروشمی بڕووخێ فاشیزم لە نێو چێت ڕاسیسزم ، هاتنە مەیدان و دژی ئەو مانیفێستە وەستانەوە کە فاشیستەکانو ڕاسیستەکان بڵاویان کردبوەوە ، پاشان پۆلیس کە وەك هەر بۆنەیەکی تر ئامادەی ئەو خۆپیشاندانە بوو ، لە کاتێکی دەست نیشان کراودا بە خۆیان و ئەسپەکانیانەوە کەوتنە گیانی بەرەی دژی ڕاسیزم ، زۆر لە بەشدار بووانی ئەم خۆپیشاندانە تووشی ئەشکەنجەی گیانی بوون و هەندێکیان گوێزرانەوە بۆ خەستەخانەو هەندێکیشیان زیندانی کران ، ئەمە بوە هۆی مانەوەیان لە خەستەخانەو زینداندا بۆ ماوەیەكو مۆڵەت نەدان بە گەرانەوەیان بۆ سەر کار.

ئەم پرسیارە هاتە پێشەوە ، بۆچی دەوڵەت پشتیوانی لە ڕاسیستەکان کرد ؟! ، سەرەتایەکی ترسناك هاتە بوون ، پشتیوانی ناراستەوخۆی دەوڵەت لەوان ، دەبێ ئێمە بەرامبەر بەم ڕووداوە تەواو هووشیار بین . لێرەدا پرسیارێك بۆ دەوڵەت هاتە پێشێ ئەم ڕەفتارە لە پای چی ؟! ، دەوڵەت لە رێگەی میدیاوە بەم شێوەیە هاتە وەڵام ، هۆڵەندا وڵاتێکی ئازادەو هەموو کەس بۆی هەیە کاری سیاسی ئازاد بکات ، ڕاستە هۆڵەندا وڵاتێکی ئازادە ، تەواو ئازادە بۆ ڕاسیستو فاشیەکان خۆپیشاندان بکەنو خۆیان بۆ هەڵبژاردن ئامادە کەن ، بەهەمان شێوەش ئازادە بۆ لێدانو گرتنو ئازاردانی دژە ڕاسیستو فاشیەکان ، لێرەدا ئێمە تەواو لەبەردەم گەمەیەکی سیاسی دەوڵەتداین و زەنگی مەترسیەك لێدەدرێ کە پێم وایە هەموومان باش دەی بیستین .

میشێڵ* ڕابەری ڕاست ڕەوەکان لە بەرواری ( 04/10/30 ) لە رۆتەردام* لە هەوڵی درووست کردنی پێکدادانێك بوو لە نێوان هۆڵەندیەکانو مەغریبیەکاندا،پاش ئامادەبوونی کتووپڕی( faa ) و ( is ) لە هەمان کاتو شوێنی کۆبوونەوەکەی ئەواندا توانرا پاشەکشە بە میشێڵ بکرێت ، لە هەمان کاتدا بۆ خەڵکی ڕۆتەردام روون کرایەوە کە چۆن خەڵکی ئەمستەردام* خۆیان پێکەوە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە دەگەڕێن و هەوڵدەدەن رێگربن لە پێکدادانی مسۆگەری رۆژانەی هۆڵەندیەکانو بێگانەکان ، گەرچی شێوەو کاردانەوەی ئەم پێکدادانە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر کەم تا زۆر دەگۆڕێت ، بەڵام جێی خۆیەتی باسی ئەوە بکەین کە ڕۆتەردام سەرچاوەی ئەم دیاردەیەیە .

لێرەدا دەتوانین بە کورتی بڵێین دیاردەی نەشونمای سەرهەڵدانی ڕاسیستو فاشیستەکان گەرچی تازە نیە بەڵام لە گەشەیەکی بەرچاودایە ، وەرگرتنی پسوڵەی کاری ئازاد بۆ ڕاسیستەکان و رێگە پێدانیان بۆ هەموو چالاکیەکی سیاسی ، دژوارە ، ئێمە دەوڵەت لە بەرامبەر ئەم کارەدا بەرپرسیار دەکەینو ئەوان لە دەرەوەی ئەم یاریەدا نین ، ئەوەی پێویستە دەست نیشان بکرێت ، کۆبونەوەی گشتی سەرتاسەری ڕاسیستەکانی هەموو ئەوروپایە لە ئەڵمانیا بۆ دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو ، پێم وایە جێی خۆیەتی ئێمەش لە هەمان بەرەی دژی ئەواندا یەك دەنگو یەك هەڵوێست بین ، بۆ ئەمەش دەبێ زۆر ووریا بین ئەو چەکەی ئەوان بەکاری دێنن دژ بە ئێمە چیە ؟ ، وەڵامی ئێمەش بۆ ئەوان دەبێت چی بێت ؟ .

**************************************************************************

*1 ( itmichiel sm ) ڕابەری پارتی تازە ڕاسترەوەکان ، کە چالاکیەکی زۆر بەرچاوی هەیە لە نێو بزووتنەوەی ڕاسترەوەکاندا لە سەر ئاستی هەموو ئەورووپا .

*2 ( leefbaar Rotterdam Fractie ) ئەم ڕێکخراوە لە شاری ڕۆتەردام بنکەی سەرەکی هەیەو ڕێکخراوێکی گەلی توونڕەون ، بەڵام ئەدرێسی سەرەکی خۆیان بەم شێوەیەیە ( leefbaarrotterdamforum ) هاتووە .

*3 ( vlaams blok ) ڕێبەری پارتی فلیب دی ڤینتەر ( filip de winter ) ئەم پارتەش بە هەڵوێستی ڕاسیستانەیان ناوبانگی دەرکردوە .

*4 ( nnp ) واتە ( nieuwe nationaal partij ) پارتی تازەی نەتەوەیی .

*5 ( smit ) مەبەست لە میشێل سمیتە .

*6 ( neo nazistische ) تازە نازیستەکان ، ئەم ێکخراوە لەسەر ئاستی هەموو ئەورووپا چالاکیان هەیەو میشێل سمیت لەم بەرەیەدا گەلێك چالاکەو بەشی هۆڵەندا دەباتە ڕێوە .

*7 ڕۆتەردام ( rotterdam ) شارێکی گەورەی بازرگانی هۆڵەندایەو بنکەی سەرەکی ڕاسیستەکانی هۆڵەندایە .

*8 ( vlaanderen ) بەشێکی باکووری بەلجیکایەو بە زمانی فلمنکی قسەدەکەن .

*9 رەشێك واتە رەش پێست گەرچی ڕابەری ڕاسیستەکان ئەم ناوەی وەك ( زنجی ) بەکار هێناوە هەم وەك رەش پێستێك هەم وەك کۆیلەیەك .

*10 سپیەکی ڕەش باو مەبەستی ئەوانەیە کە ڕەنگی پێستیان ئەسمەرە .

*11 فریس مەبەستی ( friesland ) خەڵکی ئەم ناوچەیە زمانکەیان هۆڵەندیە بەڵام بە دیالۆکێکی جیاواز قسەدەکەن .

*12 لەڕاستیدا وەزارەتی کاروباری بێگانەکان یاسای وەرگرتنی ناسنامەی هۆڵەندی گەلێك گران کردوەو ژمارەیەکی زۆر لەو بێگانانەی لە هۆڵەندا دەژین لە چاوەڕوانیەکی درێژ خایەندا هێشتۆتەوە .

*13 ( afa ) واتە ( anti fascistische actie ) بزووتنەوەی دژە فاشیزم .

*14 ( is ) واتە ( internationale socialisten ) ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیت .

*15 دێن هاخ ( den haag ) شارێکی سیاسی هۆڵەندایەو زۆربەی پێکدادانی ڕاسیستو فاشیەکانو بەرەی دژی ئەوان لەم شارەدا ڕوودەدات .

*16 ئەمستەردام ( amsterdam ) پایتەختی هۆڵەندایەو بنکەی سەرەکی چالاکی دژە ڕاسیستەکانە .